ئەفسانە چییە؟ .. بابەز محەمەد جزا

[ئاپرتك دەربارەی چەتی ئەفسانەو خورافیات]

پێشکی :
ئاسان نییە خە کەکردنەوە بۆئەوەی دەربارەی ئەفسانەکان پێویستە ، بەڵام کارێکی مەحاڵ و نەکردەنی نییە ، لەبەرئەوە پێویست بوو ئەم کارە ئەنجام بدەم و خەم یەکلایی بکەمەوە تاهەمیشە و لەهەموو کاتێکدا بیرکردنەوە لەو قەناغە دیاریکراوانەو لەو کەرستە گرنگانەی بیری مرۆڤایەتی لەبەردەستماندا بن و بەپووختی ئامادەبن و چیتر پێویستمان بەئاکاك و هەوڵ بۆ ئاکامەکان نەبێت کەوزەیەکی زێری تەمەن دەبات ، ئەمش سەرەتای هەنگاوەکانی داهاتووە لەپێناو گەشتی کامبووون . ...

[بۆ خوێندنەوەی ئەم نووسینە کلیکی ئێرەبکەن .....]

کەتایی حکایەتە گەورەکە ... نووسینی: ستیڤان شمزینی

نیازم نەبوو هیچ بەشداریەک بکەم لە خوێندنەوەی ئەم دەخە تازەیەی کەرنا ڤیرەس هەناوەتییە ئارا، ئەویش لەبەر فاکتەرێکی زەر ساکار، لەبەرئەوەی نەخشیەکەم بۆ قەناغێکی مەترسیدارتردا دەوات لە جاران، لەگەیدا بوونی ئەو تومەرە شرپەنجەیەی لای چەپی مەشکم بیرکردنەوەی پەرش و بڵاو کردووەتەوە، زەر بۆ زەحمەت دەتوانم باری سەرنج و تەوانینەکانم لەسەر یەک خاڵی دیاریکراو کەبکەمەوە، بەڵام نەمتوانی بەدەنگی هەبژێرم لە راستای پشکشکردنی خوێندنەوەیەکی کوردیی چەپەو بۆ ئەو دەخە تازەیەی کەمەگەی مرۆڤایەتی پەدا تەدەپەت، کە بینیمان "تەماس فریدمان" یەکەم کەس بوو، دنیای دابشکرد بەسەر هەردوو دنیای پش و پاش کەرنا، کەچی یەکەم کەس نەبوو باس لەوە بکات جیهان لە بەردەم گەانکاریەکی

خـرادایـ و رەنگـ پـاردەی شـانەی نـیـو لـیـبرالیزم بـ هـتاهـتـایـ دابـداتـوە، ژبـرئـوەی فریـدمان بـ رەنگـکـی تـختـر لـ "یـوڤـال هـراری" پشتیـوانی خـی بـ ئـمـریکا و خودی ترـمپ دـربـیـو.
بیرمـ کـتایی مانگی دیسامبـری 2019، لـو کاتـی هاوـکانم خـیان بـ کـرنـڤالـی سالـی نـو ئامادـ دـکرد، کورتـ نامـیـکم بـ ئازیزـکم نارد و نووسیم "سالـی 2000 کـتایی رـمزیی دنیا بوو، بـوـی دنیای کـن رـیشت و دنیایـکی تازـتر جـی گرتـوـ هیچی لـ دنیای پـشوو نـدـچوو، هـرچی سالـی 2020یشـ کـتایی فیزیکی ئـو دنیایـ دـبـت". ئـگـر ئـمـ روون و وردتر بکـمـوـ، لـگـ هاتنی سـدـی بیست و یـک و هـزارـی سـهـمدا کـمـگـی جیهانی لـناو دـخـکی کـمـایـتی و ئابووری و کولـتووریی زـر جیاوازتردا خـی بـینیـوـ، بـ منـک کـ لـ دوو دـیـی کـتایی سـدـ و هـزارـی پـشوودا ژیابووم هـرگیز جـی بـوا نـبـوو، فریـای هـنگاونـان نـدـکـوتـم لـگـ ئـو ئـاـوگـ خـرایانـی جیهانگیریی بازاـ و نیولـیبرالیزم ئافراندبوونی. هاتنی 2020 سالـک بوو تـیدا پـشبینی زـر ئـگـر و گـانی رادیکالـیم دـکـرد، نـک ئـوـی هـزـک بـ ئاـیـکی سـوورـوـ رـبـرایـتـی ئـو گـانـ بکات، هیچ کات ئـوـندـ خـشخـیاـ نـبووم، کـچی چاوـوانی گـانکاریی بووم، چون دـمزانی سیستمی سـرمایـداریی و دیموکراسی پیربوو و دـقـیی نیو لـیبرالیزم چیـکـکـی لـ تـواوبوونداـ، ئـمـش هـروا خـونـکی ئـرخـوانی نـبوو، بـکو بـرمـبنای سـرنجدان بوو لـو قـیرانـ ئابووریـی لـ 2008وـ لـ وـ ستریتـوـ درـژ بووـتـوـ تا بـ ئـمـ دـگات.
نازانم چـندـ زانست پشتگیریی لـو خـیاـم دـکات، زـر جار وا بـ مـشکمدا دـت و دـچـت، بـوـی لـوانـیـ لـ دـریندا شارستانـتی زـر لـمـ گـشـکردووتری وـک لـوـی ئـمـ لـسـر ئـم زـویـیـ هـبووـت، بـام لـ ئاکامی دـندـیی و چاوچنـکی مـرـڤـوـ هـمووی لـ نـو برابـت.! ئـم خـیاـشم لـ منداـدانی دیقـتدانـوـ لـ شونـوارـ مـژوویـکاندا هـاتـتـ دـر، سـرم لـو هـزـ سوـما بـوو بیـنای هـمـکانی میسری کردبوو، یان زـر شونـوار و پاشماوـی فرـ کـنی مـرـڤ دـمخـنـ حالـی حـپـسان و بیرکردنـوـ. لـ سالـی 2014دا لـ بـشـ سـرـتایـکانی مـزـی "لـڤـر" ئـو هـستـم زـر لـلا قـووـتر بووـ: هـر دـبـت رـژـک بووـت مـرـڤایـتی گـیشتبـتـ لوتکـ و چـشنی یاریـ سیزیفیـکـ دیسان هاتبـتـوـ سـرـتای رـگاکـ. لـبـر خـمـوـ دـمـووت رـنگـ ئـو شارستانیـ کـنانـ سـروشت و زـویـان ماندوو کردبـت، ژینگـ تـیـی لـکردبنـوـ، وـک ئـو تـفانـ مـزنـی لـ ئـفسانـی سـمـرـوـ درـژـ بـتـوـ ناو ئاینـ ئیبراهیمیـکان، کـ تـواوی زـوی داپـشیـوـ و دوای ئـوـ مـرـڤ لـ نـمـاـیـوـ دـستـی

پێکردەتەوە. یان لە ئەنجامی جەنگێکی وەها وێرانکاردا مرۆڤ گەڵابتەوە سەردەمی ئەشکەوت. وەک ئەوەی جارێک ئەنیشتاین وتبووی نازانم سروشتی جەنگی جیهانی سێهەم چۆن، بەڵام جەنگی جیهانی چوارەم لە ڕێی تۆپ و دارەوە دەکرێ. چون لەدیتنی ئەودا جەنگی سێهەمی جیهان مرۆڤایەتی دەگەڕێنێتەوە بۆ چاخی بەردینی کەونار. خۆ ئەگەر شتی وا لە رابردووشدا ڕوویندابێت، لە ئەستای ئەمەوە نزیکترین ئەگەر!. بەڵێ ئەگەرێک لەبەردەم دەرگای هەر ڕۆژێکماندایە.

کە دەتوانێت لەوە دنیا بێت سەدیەکی تر ئەمەی مرۆڤ لە ڕێی بەگەڕخستنی عەقڵەوە بەدەستی هێناوە وەک خەی دەمێنێتەوە؟. ئەم قسەیەم ڕاکێشانی هزری خوێنەر نییە بۆ کێشەیی دنیا وەک خورافەیەکی نوێ یان دووپاتکردنەوەی هەمان سیناریۆی ئاینەکان نییە بۆ ئەو کێشەیی لە بارەی دنیاوە دایانێشتووە. بەڵام هەر ئەو مرۆڤی تاکو کێشا کێشەیەکانی سەدەی نۆزدەهەم "1892" ڤایرەسی نەدەناسی یان نەیدەتوانی لە ڕێی چاویلکەوە بیبینێت، نەخێشی بە دیاردەیەکی ناوەکیی دەبینی نەک دوژمنێکی نەبێنراویش لە دژەوە هەبێت نەخێشی بخات، هەنووکە هێندە ڤیرەسی نازدار و ژاهری بەرهەم هێناوە، بەشی دیان جار خاپورکردنی زەوی و لەباربردنی هەلومەرجە ژینگەیەکانی ژیان دەکات!. کە هەیە بتوانێت گرێنتی ئەوە بکات ڕۆژێک ئەم ڤیرەسانە لە مرۆڤ یاخی نابن و بێندیخانەی تاقیگەکان جێناهێڵن و مرۆڤایەتی کەمەکوژ ناکەن؟ خە لە خۆا ئەم پرسە نەبووتە بابەتێکی سەرکی بیرکردنەوە و فەلسەفە و سینەما. هەروەک چۆن "سلاڤەی ژیژەک" نموونەی فیلمەکەی "فرێد جیمسن"مان بەبیر دەهێنێتەوە کە "ڤایرەسێک جیهان لە بن دەردەهێنێت"!. ئەو لێناوچوونە ئایدیالیستەی ئاینەکان بە فەرمکی تر باسیان لە دەکرد، خەریکە ئەمڕۆ پێی دەگەین، بەڵام تاکە جیاوازییەکە ئەوەیە ئەم کارە لەلایەن هێزێکی بادەستی میتافیزیکییەوە ئەنجام نادرێت، بەڵکو لە ئەنجامی گەمژەیی ئەو مرۆڤ بەخوابووەی دەخوازی نیتچەوە وا رووەدات.

تا دەمکی نزیکیش واماندەزانی عەقڵ هەمیشە ئامازی بەدیهێنانی خێشبەختییە. لە داخەکەم ئەو عەقڵەی جێی بە ئاین و خورافە و خوداکانیش لەژێر کرد، مرۆڤی خستە سەر شاڕێیەکی تازە، نەبەرهەمهێنی وێرانکاریی و کارەساتکی هێندە گەورەیە هیچ کات لە دەسەاتی هیچ باوەڕێکی خورافیدا نەبووە و نابێت. ڕەنگبێ بپرسن، داخۆ پێوەندیی کێرنا ڤیرەس و عەقڵ چییە؟. پرسیارێکی بەجێیە و کاری ئەمڕۆیە وەڵامی پێ بدەینەوە، ئەمە لە ساتەوەختکی مێژووییەداین ناتوانین دەستبەرداری زانست وەک بڕیارێنجامی

بگۆڕخستنی عەقڵ بین. تازە ناتوانین چی ڤیرۆس و چەکی ئەتۆمیی و کەکوژ لەناو ببین؟، مەگەر هەساریەکی تر هەیە بیکەینە کەلاوە بە فڕۆدانی ئەو پاشماوکانە؟. دەبێت دووبارە ڕێگاچارەیەکی عەقڵانی بگرینەوە بەر، ئەمش لە توانای ئەو سیستەمدا نییە خەی بەرهەمهێنی ئەو ئەنجامە کارەساتبارانەیە. هەروەک لە چاوپکەوتنکی ئەم دواییانەدا فیلەسووفی فەڕەنسی "میشێل ئەنفرە" وتی "دنیای ئەمە تازە ئەو هەشیارییەی ئەزموون کردووە کە ئەمە لە کۆتایی ئەم شارستانێتییەدا دەژین". دواتریش ئەوروپا وەک "پەینگۆکی کاغەزیی" وەسف دەکات.

ئەگەر لە سەرەتای شەشی پیشەسازییەدا تەکدەرە ژینگەییەکان لە ناوچەیەکی بەرتەسکدا قەتیس بووبن و بەو ئاستە بەربڵاوە کاریگەرییان نەکردبێتە سەر تەکدانی ڕووشی سروشت و بایی ئەوە بووبن لە ماوەیەکی خەرادا هەبوشنەوە و خاوەن ببنەوە و بگەڕنەوە بە دەخی پشووی خۆیان. ئەوا ئێستا تەکنەلەژیا زەوی کردەتە حاویەیەکی گەورە و بە جۆرێک ژینگە وێران بووە و ڕووشی کەشوهەوا تەکچووە ملیۆنها ساڵ پێویستە تاکو زەوی بگەڕێتەوە بە باری چەند سەدەیەک بەر لە ئەمە، کەواتە هیچ ڕێگەیەک شک نابەین بە گەڕانەوە. ئەمش خەفەتە سەرکیەکەی ئەمەیە. لەگەڵ ئەو هەموو پشکۆتنشدا هەشتا ژمارەیەکی بەشووماری مرۆڤ لە ژینگە پیسکان و لەدەزخی جەنگ و هەژاریی و برسێتیدا دەژین. ئەمش وای لە "یوڤاڵ نوه هەراری" کرد پەداگریی بکات، بەڵا هەرە گەورەکەی مرۆڤایەتی بە تەنە بوونی ڤیرۆسێک نییە، بەڵکو کارەساتی لەوە مەرگبارتر ئەویە بیر لە ریشەکەش و لەناوبردنی هەژاریی و سەرپێخستنی سیستەمکی تەندروستی بە جیاوازیی بە هەمووان نەکرێتەوە. هەرچەند لە دیدی هەراریدا مومکینە سیستمی باڵادەستی ئێستا ئەو کارە بکات بە تایبەت ئەو چاوی بیوتە هەنگاوکانی ئەمریکا لەم ڕاستایدا. بەڵام ئایا ئەو ئەمریکای ترەمپ سەرکردایەتی دەکات ئەو کارە بە مرۆڤایەتی ئەنجام دەدات.؟ وەڵامکە ڕوونە: نەخێر.

کاتک ترەمپ بە سەرک کەماری ئەمریکا هەبژێردرا، بە هەندک سیاسیی و خوەندەواری دنیای ئەمە، ئەنجامکی چاوەڕوانەکراو بوو، بەڵام بە لای ئەمەومانانەوە ئەگەرکی نزیک بوو، هەردە بوو ئەکتەرکی شێت و قەشمەی وەک ترەمپ جڵەوگیری ئەمریکا بکات "ئەمە بە دەربەینی نوام چۆمسکی". هەموو دەمانبینی چلۆن ئەمریکا لە ڕەی پۆلیسی جیهان پاشکشە دەکات. ئەمریکا و نیو لیبرالیزم پۆیستیان بە پۆپۆلیستکی وەک دۆناڵد ترەمپ هەبوو سەرکردایەتی ئەو بارە خوارەی هەنووکە بکات. هەر ئەودەم وتارکم بە ڕۆژنامەیەک ئامادە کرد لەژێر ناوی "هەبژاردنی ترەمپ یان کۆتایی سەردەمی

ڕەمانسیزم لە سیاسەتی ئەمریکادا". ئەم وتارە لە ڕۆژی 10-11-2016 نوسرا و بڵاوکرایەوە. لەوەدا زۆر ئاگەر بە داهاتووی نزیک ورد کرابوونەوە، ناوکەیی هەموو ئاگەرکانیش لەوەدا چڕ کرابوونەوە بەهاتنی ترەمپ وەک دەمەستکی پێپلیستی سپی پێست، جیهان پێ دەنێتە قۆناغێکی خراپی وەهاوە لە ئێستادا لە توانادا نییە ئاکامە زیانبارەکانی بزمەرین.

هەر لەو وتارەدا نووسیبووم "هەڵبژاردنی ترەمپ وەک سەرۆک کۆماری ئەمریکا ڕووداوێکی سادە و ساکار نییە تاکو ئەمە فەرمالیستانە شرۆڤەی بکەین. بە پێچەوانەوە ئەمە گەلانوایەکی دەستجەمعی خودی ئەمریکییەکانە بە ئاوێنەی تێخی نیو کلۆنیالیزم و خۆ ڕادەستکردنی تەواو بە ویستی نیو لیبرالیزم، گەلانوای پلاندانەران و نەخشەداڕێژرانی سیاسەتی ستراتیژیی ئەمریکییە بە دیدگاکانی کۆنسەرڤاتیزم. ئەم سەردەمە تازەیە گەلانوای ڕەوتی مێژووە بەرەو دواوە، بەرەو ئەو مێژووەی لە سەرەتای سەدەی بیست بەهەی قەیرانە دارایییەکانی کاپیتالیزمەوە دوو گیان بوو بە دوو ڕوانگەی تۆتالیتەر و مۆترسیداری وەک فاشیزم و نازیزم. ئاگەر فرانکە و مسۆلینی و هیتلەر دیوە تراژیدیکییەکەی ئەو مێژووە بن، ئەوا ترەمپ دیوە گاڵتەجاڕکێتی "ئەمە بەدەربەینی کارل مارکس". جیا لەمەش ئاگەری دووبارەبوونەوەی هەمان سیناریۆ هەیە لە وەتانی تری ڕۆژئاوایی و ئەورووپیی، بە تایبەت ئەم ئاگەرە بە ئەڵمانیا زۆر بەهێزە، ئەویش بە بەرزبوونەوەی کەرقی ڕەوت و پارتە ڕاسیست و ڕاستەوەکانی لایەنگری نیو لیبرالیزم".

دەمەوێت لە قسەکردن لەسەر ترەمپەوە بگەڕێمەوە سەر ناوەکی بابەتەکەمان، ئەویش بە تەرحکردنی ئەو پرسیارەی ئاخۆ کەرەنا دەبێتە سەرەتای گەلانکی ریشەیی لە دنیادا؟! یان چی دنیایەک لە دوای کەرەنا چاوەڕوانمان؟. دیارە تاکو سەر مرۆڤایەتی لە کابووسی ئەو قیرەسەدا نامێنێتەوە، وەک ئەوەی ئێستا دەبینین بە پێی دوا ئامارەکان ئەوە دەردەخەن لە ئاستی جیهانیدا ڕەمانی "تاعون"ی کامە پێ خۆنەرترین کتێبی دەخی کەرەنتینە و ئەم ڕەوشە ئاوارتەیە بووە، لەوە دەچێت مرۆڤی سەردەمی کەرەنا بیەوە لە ڕەی ناسینی تاعونەوە نەهێنییەکانی کەرەنا قیرەس ئاشکرا بکات، یان بیەوێت ڕووخسارە لەکچوو و دژەکانیان بدزێتەوە. بەڵام ئایا ئەم دەخە ئاوارتەیە "بڕیاری ناولێنانی جەرجیە ئاگامبەن" تاکو سەر دەمێنێتەوە؟. ئاگەرچی من نامەوێت، وەک ئاگامبەن کەرەنا بە سووکە هەڵامەت پێناسە بکەم، چوون قەبارەی زیانەکانی کەرەنا هەروا بە ئاسانی بە سیستمی سەرمایەداریی تێناپەڕێت. ماف بە خۆم دەدەم بڵێم ئەو دەخە نائاساییەی لە وەتان گیراوەتە بەر لە خەمخۆریی نییە بە گیانی

هاووڵاتیان، هێندەی خەمخواردنە لە وشکبوونی جۆگەی بازرگانی و ئابووری بازاڕ، چون بە رووبی بینیمان سەرمایەداریی، ئابووری لەسەرووی زیانی خەڵکەوە دانا. لە کۆتایی داستانەکەدا دیارە سیستمی پزیشکی زاڵ دەبێت بەسەر قیرەسکەدا، ئەوەی دەمێنێتەوە ئەو دنیا تازەیە دەبێت لە دوای دیار نەمانی کۆرنا دێتە ئارا. هەموو دنیایەن لەوەی ڕەنگی دنیا دەگۆڕێت کە ڕەنگە بانسی هەزیش لەگەڵیدا بگۆڕێت، ئەوەی لەمان دیار نییە، شەوازی ئەو گۆڕانەیە.
کۆرنا تەنە ڕووداوێکی ساکاری ناو مێژووی قیرەس نییە، بەو جۆرەی فەلسەفەکاری کورد "ئازاد حەمە" بیری لە کردۆتەوە. کۆرنا هەر ئەو دەخە ئاوارتەیە نییە حکومەتەکان بە کانترۆڵی زۆرتر کڵکی لەوربگرن، بەو شێوەیەی "ئاگامبن" لە ڕوانگەی بایە سیاسییەوە گۆڕانی کردووە،. ئەمیش درێژەپەدانی بیری "فۆکۆ"یە کە هەمیشە دەستات لەسەر ترس و قەمع ڕاوەستاوە. لە دیتنی مندا کۆرنا عەبا ڕەشەکەی سەر قەیران و بڕینە قوواڵکانی سیستمی سەرمایەداریی هەڵدایەوە، بە تایبەت لەو ساتەوەختەی پایتەختی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بە چەی دەکەونە ژێر شاڵاوی ئەو دوژمنە پەنهانەوە. تەنانەت نوکتەیەکیشم لەسەر ئەمە دروستکردووە "کۆرنا پڕۆلیتاریایەکی نوێیە" و وەک تارمایی گورز لەو سیستمە دەوشێنێت بانگەشە بە جیهانگیریی ئابووری و بازاڕ و تەندروستی و بچووکبوونەوەی دنیا دەکات بە ئاستی گوندێک، تەنانەت یەکێتی ئەورووپا و هاریکاریی گەلانی کردە سەفستەیەکی پووچ بە تایبەت لەو نیگارەدا ئەمە بە ڕوونی دەرکەوت وڵاتان سنووریکانیان بە ڕووی یەکتردا داخست. کۆرنتینە هەر ئەوە نەبوو هەر مرۆڤێک لە ماڵی خۆی بێت، بەڵکو بازنەکە فراوانتر بووە بە هەر وڵاتێک لە ماڵی خۆی و بە سیستمی تەندروستی خۆیەوە ڕووبەڕووی ئەم بەڵایە ببێتەوە. لانیکەم لە حاڵی حازردا ئەو وەهمەی پووچڵ کردەوە، نیولیبرالیزم وەک ئەفسون و نموونەی ئیدیاڵ لەبارەی خۆیەوە لە ڕووی زیهنییەوە بەرهەمی هێنابوو.
شتێک زۆر لەی دنیا بم، قەناغی پەست کۆرنا، دنیا هەمان دنیاکەی پێشوو نابێت. هەمیشە جەنگ و پڕتا یونیڤرسالەکان، دەموچاوی جیهانیان گۆڕیوە. ڕەنگبە باشترین فاکت لەم بارەوە پڕتا گۆرەکەی سەدەی چواردەهەم بێت لە ئەورووپا، گۆرچی ئەو پڕتایە نزیک بە نیوەی دانیشتوانی ئەودەمەی ئەورووپای قڕ کرد، بەڵام ڕەنگی ئەورووپا و ژیارەکەشی لە ریشەوە گۆڕی. هەروەک "ژاک ناتالی" باسی دەکات ئەم پڕتایە بوو بە فاکتەری گۆڕانکی ڕادیکاڵی لە سیستمی ئاینیدا، ئیدی قەشەکان ڕۆڵی خۆیان لە دەست دا و جێگەیان بە پۆلیس چڕ کرد تا بە ڕۆڵی ئەوان هەستێت، ئەمەش بە بڕایی قەناغی گواستنەوەی

دەسەڵات لەسەر مەبنای باوەڕ دادنەت بە بینای دەسەڵاتێک لەسەر بنەمای هەز. ژاک ناتالی لە بارەی ئەو ڕووشەی هەنووکەوە بەهەی کەرنا ڤیرەسەوە دەڵێت "ئەو سیستەمی دەسەڵاتی لەسەر پاراستنی مافی تاک بنەدەت، ڕەنگە هەرەس بهێنێت، لەگەڵ خۆیشیدا ئەو دوو میکانیزمە بەرەو ئاوابوون دەبات کە پشتیان پێ دەبەستێت: مەبەست لە بازاڕ و دیموکراسییە".

کەواتە گەلان حەتمییە!. پرسیارێ تەقنەرکە ئەوەیە، لەم بەشایییدا چی چاوەڕێی مرۆڤایەتییە؟. بەدەر لە هەڕەشە ئیکۆلۆژییەکان، کە چەندان ساڵ بوو هەشداریی دەدرا بە سیاسیی و هەڕەسهێنەرانی ئابووری جیهانی مرۆڤ لەبەردەم هەڕەشەی ئەو ژینگەیەدایە تاکە هەلومەرجە بە ژیان. ئیدی ئەو هەشداریانە سوودێکی ئەوتۆیان نەماوە!. هەرچی پێوەندیی بە سیستەمەوە هەیە، ژاک ناتالی لە گریمانەی هەرەسی سیستەمە ڕژئاوایییەکاندا، ئاسەخ دەبینێت، بەوەی سەردەمێکی تازە دەتە ئارا، ڕژەمە خەسڵەتەکان لە ڕەی هەشی دەستکردەوە بە کەنترۆڵ و چاودێریی وەک تاکە ئەلتەرناتیف دەنە سەر شانە. هەرچی فیلەسووفی فەڕەنسی "ئالان تەرین"یشە لە دوا ئینتەرڤیەی خۆیدا ئاماژە بەوە دەدات "وا دەزانم چووینەتە ناو فەرمێکی نوێی کەمەگەوە، بە گوێرەی دەربینی ئابووریزانەکان، دەشێت بە کەمەگەی خزمەتگوزاریی ناوی بنێین، بەڵام کەمەگەی خزمەتگوزاریییە لەنێوان مرۆڤکاندا، ئەم قەیرانە ئەو تۆزە بەرز دەکاتەوە کە چاودێریی و خزمەتگوزاریی دابین دەکەن". ئەوەی دیارە ئایندە هیچ لە خۆش ناچێت، لەوانەشە تەرین لەو ئایندەیە ترسابێت بەیە پەداگریی لە باسی هەنووکە دەکات. گەرچی ئەمە نیولیبرالیزم ڕەت دەکەینەوە، بەڵام ترسمان هەیە بە ئاوابوونی حکایەتەکەی، چیرۆکی ڕژەمگەلێک دەست پێبکات دنیا بە زەلکاوی فاشیزم رابکێشنە دواوە.

نامۆبێت ڕەشبینی ببەشمەوە، هەمیشە ویستوومە چرایەکی ئومێدەوار بم، ئازارەکەم ئەوەیە ناشە چاوپۆشی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەوە بکەم لەناو شانەی ژیانی مرۆڤدا دەگوزەرێت کە تا دێت ئاسەکە تاریک دەکەن. ئەم ڕووشە نائاساییە هەر دەبوو ڕووبدات، نێک لەبەرئەوەی مەحکوم بووین پێی، لەبەرئەوەی خەمان مەحکوم کردبوو بە وەڕانکردنی ژینگە، چاوچنۆکی ئابووری، بە بازاڕکردنی ژیان، بەرهەمهێنانی زیاد لە پێویست، مەسرەفگەرایی بەمانا، شێ و برسیکردنی یەکتر، بەباوکردنەوەی هەژاریی، بەردەوامیدان بە ڕامیاریی پڕتکە و زاڵ بە، هەموو ئەمانە یەک ئەنجامی خراپیان دا بەدەستەوە: قەیرانی ئابووری و هەرشی قیرەسکان. لە دەنیام مرۆڤ بێت یان سبەی سەردەکەوێت بەسەر کەرەنادا، بەڵام هیچ کات ناتوانێت بەم عەقڵی

ئەستایەو بەر بەو بەڵا گەورانەی داهاتووی نزیک بگرێت، کە ڕەنگە ئەوکات بیر لە کەرەنا بکەینەوە وەک بە بەزیترین و بەزیوترین دوژمن. ئەوسا کەمکەوژ دەبین و کەسکیش نەماوە دەپەک ئەسرینمان بە بژێت. پێش ئەوەی زەوی ببێتە گەستانی تەواوی مرۆڤایەتی، پەویستە فریا بکەوین و بڕخە بکەوین، بەڵام چۆن؟ من هیچ نازانم.

10-4-2020
خەرئاوای زەمین

گەانی راستەقینە ئاوها دەکرێت … لەتیف بەوار

خوێندنەوەیەك بە روئیای شیعریی ‘چراکە تەماوی ترە’
……..
لەتیف بەوار
……..

چراکە تەماوی ترە
لەوەی پشت گوێ بخرێ
شەو یەلدا لە موی نیوان باریکترە
گەر ملی یەک بە یەکیان بە پەتا نەکرێ

یەکێتی و پارتی و ئەوانەی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ لەدەرەوە و ناوەوە ئیدامەدەری ئەو دەسەڵاتە مافیاییەن، کە سی ساڵ پێش ئێستا و دوای ڕاپەڕینی جەماوەریی و سەرتاسەری خەڵکی کوردستان گەانەوە وەکو دوو مافیای ئەزموونداری خۆیان کرد بە ناو شارو شارۆچکە ئازادەکانی باشووری کوردستانداء یەکسەر دەستیان کرد بە بینی بانقەکان و پاشان ئاودیوکردنی بنخانی کوردستان؛ هەر لە سەددی بڕخەوە بیگرە تا شەفە و وایەری مس و فافۆن و عەمودی کارەبا، لە شاخ هەر خەریکی خیانەت و بازرگانی بە خوێنی ڕەنجی کوردەوە بوون و لە شاریش لەگەڵ بەشەکەی تردا یەکیان گرتەوە کە ئەمن و بەعسی و کۆنە موستەشارەکان بوون، بە درێژدان و پەردان بەو تاوانانەی کە ئێمەی بەعسیش پێی پە نەبردوون و نەیکردبوون، زوو هەموو مەلەفەکانیان دەست بەسەردا

گرتووە سوتاندنیان، لە شاخیش سەر بەرزاییەکانیان گرتبوو
نەیاندەهشت هیچ هاوڵاتییەك پێش هاتنی سەعاتی سفر رابکات و خۆی و
ماڵ و منالی رزگار بکات ، کەچی خۆیان سەعاتێ پێش کاتی دیاریکراو
بە فڕۆکەوە وەکو سەگی دز دیار نەمان تا ئێو کاتی رژێمی
بەعس کیمیابارانی کرد بەسەر خەڵکدا.
ئێوانە هەر مەگەی گەندەڵی و خیانەت و یاساشکێنی و ستەمن، تا
بوونیان مابێ دەبێت کورد هەر کێلەی ژمارە ٣ بێت، دەردەکە لەوەدا
خەست دەبێتەوە کە ئێو قەڵەمبەدەستانەی خۆیان بە هزرمەندو نووسەرو
ئەدیب دەزانن پارچەیەکی پیسن لەو مەنزومەی دەسەڵاتە مافیاییەدا،
یان لە ڕۆژنامەو میدیایەکی سەبەری دەسەڵاتدا کاردەکەن و چەند
موچەیەك وەردەگرن، یان لە دەزگایەکی بە ناو ڕۆشنبیری و چاپەمەنی
و بنکەو کەکخراوە بەناو مەدەنییەکاندا کار دەکەن و دەست بە
سنگیانەوە دەگرن بە مەسئولێ دزو تاوانبارکان وخۆ دەچەمێننەوە بە
سیمبوڵێ بگەنکانیان، کەچی لە تەنێ کەمایەتی و بەرهەمکانیاندا
خۆیان بە قوربانیی دەستی ئێو دەسەڵاتە دەزانن، ئەمەیە دوو فاقیی
و دووڕوویی زەرینەی ئێوانەی وەکو حیزبێ نائازییەکان کە دروشمی
گەلان هەڵدەگرن و داوای موچەو مەنەت لەو دەسەڵاتە مافیاییە
دەکەن، ئیتر بەسە تا کەی خەڵ دەکەنە چاوی خەڵك، هەرچەندە خەڵك
زۆر لەوە هۆشیارتن و ئێو راستیانە دەزانن.

خوازیاری ئاپسکانەکی تریشقانەم
درەختی ئیشکوتراوی بە بەر ئاتەکەنێ
ئەژنۆی یەکلاکەرەوە ڕەکبخا
لافاو ،
بە پلیکانەی چەما ، سەرخا
چی تەپۆك و
زەنگ کە لوتکەیە.. بیانستێتەوە
شتەکان هەر هەمو
وەک خۆ
بخاتە ڕوو
ئێو مانگرتنە پچڕ پچڕانەی ئیرە و ئێوە
سەرانسەریی یەکخا
بوونێ بەو بەرنامە بە پایە و
ناوەڕۆکە کرچ و کاڵانیان بێ:
هیچوپوچ و
پوکن..
پوک ، پوک

گۆڤانی راستەقینە لە دیدی شاعیرەوە بە راستگۆیی و دڵسۆزیی و بەوابوون بە دۆزی ڕەوای میللەتی چەوساوەی کورد دەتە دی، کە خۆی ئابپسکێنێت لە هەموو ئەو ڕەگانەی دەچنەوە سەر ئەو دوو بنەماڵە کوردفرۆش و دزە، کە ئامادەبن ژیان و مردن وەك یەك تەماشا بکەن لە پێناوی گەشتنە ئەو ئاواتە بەرزو بڵندە کە هیچ کەس و حیزبێك نەیتوانی پێی هەستێت، سەیر ئەوەیە حیزبەکانی بەرهەستکار بە دروشمی نەمانی دڵسۆزاتی گەندەڵکیان فریو دا کەچی دوایی خەیان سەریان لە بنی بەڵێی ئەو دڵسۆزاتە گەندەڵەوە دەرچوو، لەردا شاعیرو نموونەی شاعیر دەتوانن ئەو گۆڤانە بکەن بە هیممەت و هەوڵی بە پسانەوە، خە ئەو ڕەنگە هەر ١٠ ساڵی تر تەمەن بواری بدات، چەند شانازییە ناوی بچێتە لیستی پیاوە مەزنەکانی جیهانەوە کە گەلەکانیان ڕزگارکرد لە قەناغی قەراخکارییەوە بە دادپەروەریی ڕاستەقینە، نەك بە مشتی پارەی لە کاغەز دروستکراو خەیان و سومعەی خەیان بە هەتایە ناشرین بکەن، چ هیواو ئامانجێك لەوە مەزنترە میللەتێك ڕزگار بکرێت لەو دوو میکرۆب و پەتایەی ٣٠ ساڵە گەورەو بچووك پڕوی دەناڵێنێ، موساوەمە لەگەڵ دزدا ناکرێت، ڕاپەڕین و یەکگرتن و جورئەت و تەکۆشان پێویستە بە لەناوبردنی ئەو دومارە پیسانەی هیچ چارەسەرێکیان نییە جگە لە هەڵکۆشانیان نەبێت، کاتیان زۆر نزیک بووەتەوە تا لەگەڵ کرێنادا قسەلاچەبکرێن، لە هەرشوێنێك بینیتانن وەکو چاوچیسکە دادگای گەلییان بە دابنێن و بە تانک و زریپۆشەکانی خەیان لەناویان بەرن، لەسەر ئەو ئەو ئەپارتمانە٣٠ قاتانەی بە پارووی دزراوی بەوژن و هەژاران دروستکراوە فڕێیان بدەنە خوراوە، کەس ناتوانێت بەرەنگاری رقی پەنگخواردووی میللەت بێت، گۆڤانی راستەقینە ئاوها دەکرێت کە موساوەمە نەکرێت بە کۆشەی جارنوسسازی گەل بەرامبەر پارەو کورسی، چی ماوە کاولی نەکەن و بگەنی نەکەن؟ ژیان و تەمەنی دوو نەوەیان کاول کرد، عالەمیان توشی دەردی دەروونی کرد، داروبەردو سەرخان و بنخان و ئاوو هەوای کوردستانیان بە عالەمی ئاشکرا دزی و جورئەتێك نییە دەستیان ببڕێ تا ئەو کاتەی هەزی ڕاستەقینەی گۆڤانکاری گەل دەتە بوون و لە ڕیشەوە داری ژەقنەبووتیان هەڵدەکێشێت.

بە وتەی پێشینان: لە بنی هەمانکە با
یا لەناویان دەبا
یان تیا ئەچین !!

ئازارکێشانی ئەم درم و دەردە
لە خودی (بار)ی سەخت و
قورسترە
لە قۆناغی شۆڕشگێڕیەوە

دەیان خەو و
خانەوادە..
لە جامە ڕەشکانەوە
وەک قەڵەمڕەش دەشنە سەر جادە
هەر ئەی مەردەزمەی ناو مەتە و
ئاژەڵە درندەی ناو جەنگەڵن
بەینی (ساتر)
خەمی گەورەی چەقەیە
داهێشتنی نەخشە و
داگیرسانی هەر کپەیەک
سوڕە مژدەیە
ژیان و تەمەن چەند سات و چرکەیەکی خەران و دووبارەبوونەوەیان
مەحاڵە، کەواتە کاتیەتی ئەوانەش کە لە بەتانی ئەو دوو تاقمەوە
پەچراون و یان خەیان پەچاوە بیر لە پاشەژی نەوکان بکەنەوە،
ئەم کەشکە بە بناغەی یەکێتی و پارتی لەسەر ئەشکو پروسکی
کوژراوانی شەی ناوخەو بە سەروشوێنان دروستکراوە درەنگ بەت یان
زوو هەر دەوخەت و مالی هەمووان کاول دەکات، کەواتە با بە
شەویەکی ئەندازیارانە خەمان بیەوخەنین و کەشکی دادپەروەریی و
مافی مرۆڤی لە شوێندا دروست بکەین، ئەسکو پروسکی ئەو بە
تاوانەش دەربکەینەوەو بیکەین بە جاوی جەللادو بکوژەکانیاندا،
ئەمە راچەنینی جەماوەریی دەوەت، ئەمە خە داماڵین لە نەرگزیەت و
مەسەحەتی پەویستە، ٣٠ ساڵە هەموو شتەکمان بینی ئیتر بەسە، لە
گەورەو بچوک، شەتو ئاقە راستی ڕوونەو بەکەس ناشاردرێتەوە، ئەوانە
لە دوژمنی دەرەکی زیاتر بە زیان بوون بە میللەت و خاکی کوردستان،
ئەو عەوام و ڕەشکانەی نازانەت بە چەپەڵیان لەدەدات پەویستە دەست
بکەن بە گریان و بزانن ئەوانیش لەگەڵ دەسەاتدا تاوانبارن،
هاوبەشن لە هەموو ئەو تاوانە گەورەو بچووکانەی ڕەژانە پەی
هەدەستن، هەروا ئەوانەش بە بەیەك دەنگیان پە دەدەن و
بەرگریان لە دەکەن با بزانن هیچ جیاوازیەکیان نییە لەگەڵ ئەو
سەرە بکوژانەی سەدان تاوانیان دەرهەق خەك کردووە هەر لە شاخەو
تا شار، هەر لە سەردەمی راو و ڕووت و سەرانەو تا سەردەمی
گرەبەستە نەوتییو نهێنیەکان کە گەل هیچ داهاتەکی نەوت و ناوخە
نابینەت جگە لەو دزیانەش کە لە موچەی نەرداراوی حوکمەتی ناوەندی
دەکەن. ئەوانە نابەت بە زمانی ڕەزو دبلەماسیەت لەگەڵیان بدوێی
چونکە نە سیاسین نە دبلەماسی، بەڵکو شەلاتیەکی دزن و خەیان
کردووە بە دەمراستی گەل، ئەوانە هیچ ڕەزو بوون و قەوارەیەکی
دەولەتییان نییەو وەکو مافیایەکی سوك مامەڵیان لەگەڵدا دەکرەت و

تەماشا دەکرێن، جا تەی خوێنەری بە ئەمەك و تێگەشتووی کورد دەبێت ئەو راستییە بزانیت هەرگیز نابێتە خاوەنی کەسایەتیەکی مرۆڤئاسا تا ئەو کێبڕکێی ئەو گورگانە لە جەستەمان دەرنەکەین و بە سزای تاوانکانی خۆیان نەگەن، ئەوسا ئەمەش لە بارگای نەتەوە یەکگرتووەکان داوای مافی راستەقینەی گەلی خەمان دەکەین، نەك بە هەلیکۆپتەر دەلارمان بە بێنن وەك لە ساڵی ٢٠٠٥دا سەرانی یەکێتی و پارتی داوایان لە بریمەر کرد، دەبێت رۆژێك بێت خوێنی بە ناحەقژاوی هەموو مامە ێیشکان لەو جێللادو تاوانبارانە وەربگرینەوەو سەرتاسەری تاوانکانیان ئاشکرابکرێت، سەرجەم ئەو موڵك و زەوی و باخ و ڤێللاو هاوینەهەوارو پارەو زێڕو پشك و کەمپانیاو ....یان لەسەر زگی میللەت قوتیان کردوونەتەوەو دزیوە لێیان بسەنرێتەوەو بە دادپەروەریی بەسەر ڕەش و رووتی گەلدا دابەش بکرێت، دەبێت دنیان بین لەوێ تا ئەوانە مابن کەس خۆشی لە خێی نابینێت..

لەم قەیرانە جێنجاڵدا
دز و پاڵەوان لەك ناکرێنەوە

شتەکان هەر هەمو
وەك خۆ
بخوێنە روو
بە وتەی پێشینان :
لە بنی هەمانکە بڕن
یا تیا ئەچن ، یا تیا ئەچین
بەسە ئیتر !!

نەڤڵەت: کچەی خوێنەر … نیهاد جامی

ناوی کتێب: کچەی خوێنەر
نووسەر: نیهاد جامی
بابەت: نەڤڵەت
نەخشەسازی: ئاراس ئەکرەم

چاپ: یەکەم – هەولێر، ٢٠١٩
تیراژ: ٧٥٠ دانە
نرخ: دینار
چاپخانە: چاپخانەی ڕۆژهەڵات
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (ساڵی 2018ی پێ دراوە

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن .....

بۆ خوێندنەوەی کتێبەکانی تری نووسەر کلیکی ئێرە بکەن .....

ڕۆژی باشووری کوردستان لە ڕاپەڕینی شێخ عوبەیدوڵای نەهریدا-8- هەسوێ بەسکێنی

بەشی هەشتەم

گەیشتنەوەی هێزەکانی شێخ عوبەیدوڵا بە نەهری و تەقەللای هەستانەوە

دوای شکستی ڕاپەڕینەکە و کشانەوەی هێزەکە، زیانێکی زۆری ماڵی و گیانی بەر ڕاپەڕیوان و دانیشتوانی گوندە کوردنشینەکان کەوت، هەردوو قۆڵەکەی ئازربایجانی خۆرهەڵات (موکریان و میاندواو) و ئازربایجانی خۆرئاوا (ورمێ) نەیانتوانی مەبەستەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن، لەهەردوو قۆڵی ساباغ و ورمێ، بەسەرکردایەتی شێخ عەبدولقادر و شێخ عوبەیدوڵا و هەمزاغای مانگور و فەرماندەکانی تری هێزەکان، کە لە (10 و 12- 11- 1880ز) ساباغ و ورمێیان جێهێشت، هەردوو هێزەکە، بەرودوا بەتێکشکاوی بەرەو مەرگەوەکشانەوە، سەرۆکای ئۆوەی هێزەکانی عوسمانی سنووریان بە (18) بەتالیۆن سەرباز و (36) عەرادە تۆپوە تێنی بوو، بەنام گێشتنەوە شوێنەکانی جارانی خۆیان، شێخ عوبەیدوڵا و شێخ عەبدولقادر و

تەواوی هێزەکەیان لە گوندی مەرگەوە لەسنوور پەینەوە و چوونە خاکی عوسمانی، بەشکیشیان بەسەرکردایەتی هەمزاغای مەنگوێ، بەرەو لاجان و سەردەشت پاشەکشێ دەکەن و هەمزاغا لە سنووری سەردەشتەوە چووە ناوچەی پشدەر لە باشووری کوردستان، بن دەستی دەوڵەتی عوسمانی. پاشان گەلە کێمەکێی لەشکرەکانی ئێرانی و عوسمانی و ڕووسیا بەریتانیا دەرفەتی تەقەلای سەربازییانە و هەساسانەوەی شێشی کوردیان نەداوە.
زەربەی ئەو سەرەك خێڵە کوردانەی ئێرانیش لێاپەینەکەدا بەشداریان کردبوو، یان خۆیان بە پاڵ ئێران چوونەوە، یان دەوڵەتی ئێران تەقەللای هێنانەوە و نیشتەجێ کردنەوەیانیدا و لە ئاکامدا بەتەنیا هەر (هەمزاغای مەنگوێ)، لەگێڵ بەشەك لە خێڵەکاندا لەناوچەی (سەردەشت) و (لاجان) و سنووڕەکانی ئێران- عوسمانیدا مایەوە و جارجار شێوەی پارتیزانانەی دژی هێزەکان و پیاوانی دەوڵەتی ئێران دەکرد.هێزەکانی دەوڵەتی ئێرانیش کە لەو ناوچانەیەدا(حەسەن علی خانی گێووسی) سەرکردایەتی دەکردن بە هەموو توانایانەوە تەقەلای گرتن و کوشتنیانی دەدا.
دوای گەیانەوەی شێخ عوبەیدوڵا و هێزەکەی بۆ ناو خاکی عوسمانی، شای ئێران داوای لە عوسمانی کرد، ئەستا شێخ عوبەیدوڵا شکێنراوە، پێویستە لەسەر بابی عالی دەبێ شێخ بگرێت، یان سزای بدات، یان ئادەستی کاربەدەستانی ئێرانی بکاتەوە، یانیش ڕێگا بەهێزەکانی ئێران بدات لەسنوور بپەڕێنەوە و لەگەڵ هێزی عوسمانیەکاندا هاوکاری بکەن بۆ دەستگیرکردنی سەرکردە یاخاکانی سەرهەڵدانەکە.
لە سەرەتای کانوونی یەکەمی 1881دا، موحسن خانی سەفیری ئێران لە ئەستەمبوڵ نامەی ئاراستەی هەموو هێزە ناوبژیکەرەکان کردبوو، داوای بەگەرخستنی دەسەڵاتیانی کردبوو، تا کاریگەرییان لەسەر بابی عالی هەبێت، هەنگاو بنێت بۆ ڕێگاگرتن لە شێخ عوبەیدوڵا، کە ئێستا لەناو خاکی تورکیا دایە سنووری ئێران نەبەزێنێت، سەفیری ڕووسیش سەبارەت بە پەلاماری کوردەکان پشتگیری داواکاری موحسن خانی سەفیری ئێرانی کردبوو.

حەسەن عەلی خانی گەووسی بەفەرمانەوای مەهاباد

ئاگرچی دەرباری قاجاری لە سەرەتادا لە (12/11/1880ز) حاجی سەدرلدەولەی وەك فەرمانداری ساباغ دانا، بەڵام ناوبراو نەیتوانی چاوپێشی لەو هەموو کوشتار و تاڵان و زوڵمە بۆ سنووڕ بکات، هێزەکانی دەوڵەتی ئێرانی بەرامبەر کوردەکانی ئێران و سات و ماڵات و گوندەکانیان دەکات، هەر تەنیا ماوەی مانگێك توانی دان بە خۆیدا بگرێ، لەبەر ئەوە سەرانی دەوڵەتیش کە دەزانن هەڵسوکەوتی بە

گـوڕەی خواسـتی ئـەوان نیـە، لایـدەدەن و لـە جـێی ئـەو لـە (11/12/1880ز) حسن علی خانی گـەرووسی- وەزیری فـەوائید بـە فـەرمانـڕەوای سابـڵاغ دادەنـێن.
وەزیـری فـەوائید(حسـن علـی خـانی گـەرووسی) کـەلـە گـورە بـەرپرسـانی دەوڵـەتـی ئـێران و سـەرکی ئـاوڕخـانەی دەربـار و خـاوەن قـەڵـەم و شمشێربـووە، لـەلایـەن شاهـەنشـاوە کرابـووە فـەرمـانـڕەوای سابـاغ و سـەردەشت و لاجان. ئـەویش بـەئـاوڕ و بـەرنامـەی زیـرەکانـەوە، هـەرچی عـەشایـەر بووەن، لـەماوەیـەکی کورتدا ئارام و هـەموری کردنـەوە و هـەندە سـەرانی موکری و لاجانیشی خـۆات کرد و دیاری پـێبـەخشین، هـەندەکی تریشیان لـەتـەرەی کارەکانیان سزادا و هـەندەکی تریشی کوشت و لـەگـەڵ پاشماوەی بـنـەماڵـەی خان باباخان یشدا ئـەوپـەڕی سـەز و میهـرەبانی نواند.
هـەزەکەی حـەسـەن عـەلی خانی گـەرووسی، لـەم کاتـەدا بریتی بوو، لـە (4) فـەوج سـەرباز، بـە فـەرماندەیی (عـەزیزخانی سـەرهـەنگی تـێپخانـە) بـە (4) تـۆپ و سوارەی قـەرەپـاپاغ، بـەسـەرکردایـەتی حـەسـەن عـەلی خان و (200) کـەس و دەیـرن و ئـەرانلـو و سـوارەی بـەختیـار و یـورتچی و فـەوجـی قـەهرەمانیـە و حـەوتـەمی شوقاقی، فـەوجـەکی حـەسـەن عـەل خان.
ئـەم هـێزەی حـەسـەن عـەلی خانی گـەرووسی سـەرکردایـەتی دەکرد، ڕۆژی (9-12- 1880ز) دەگاتـە سابـڵاغ و سـەربازگـەی لـە ئاقاری شاری سابـڵاغ دامـەزراند و تا بـەجـێهـێنانی بـەرنامـە و ئـەرکـەکـەشی، بـەرگـای هـەر لـە سابـڵاغ دەبـێت.
حسن علی خان پیاوەکی فـێباز بوو، بەفراوانی کەوتە دروست کردنی دەستە و تاقمی سیخور و ناردنیان بەهەموو لایەکدا، بـە کـەردنەوەی زانیاری و دەداو خستنی لایەگرانی ڕاپـەڕینەکە، بەتایبەت لە قـەڵـەی سابـاخ و لەسـنووری سـەردەشت- پشـتـەر کەوتـە بـاوکردنەوەی سیخورەکانی، بـە دانانی کاریگەری و فریودانی خزم و لایەنگرانی هەمزاغا، لەو بارەیەوە کاریگەریان لەسەر زەرەك لە لایەنگرانی هەمزاغا دانا، تەنانەت کاکەئـاڵـای برای هەمزاغاشی فریودا، بەناوی ئەوەی هەمزاغا شیاوی سەرەك خـۆی نیە و ئەگەر کاکەئـاڵـا واز لە هەمزاغا بـێنـێ و بگـەڕێتەوە ژێر دەسـەڵاتی حکومەتی ئـێران و لەسەر ئـێل و ماڵی خـۆی دابنیشـێ، لە شوێنی هەمزاغا دەیکەن بە سەرەك هـەزی مەنگوڕ.
هەر لە سەرەتای دەست بەکابوونیەوە بەپشتیوانی ئەو سەرەك خـۆانەی لە دەمـەکەوە سەربە دەوڵـەت بوون، هەوڵی هـەڵـتەکاندن و لەبەر یەك هـەڵـوەشاندنەوەی یەکـێتی ئـیزەکانی سەرەك خـۆ و خـۆە کوردەکانی داوە، لە چەندان نامەیدا بـە ناسرەدین شا و سەرانی قاجاری خـۆی بـەوە هـەڵـدەکـێشـێ فیتنەیـی و دووبەرەکـی و ئـاژاوە لەنـاو سـەرەك

عەشرەتە هاوڕێ و دۆستەکانی یەکتردا دروست بکات و هەموویان بترسێنێ و بەسەر یەکەوە بیانکات بە جاسوس و باوەڕی دەوڵەتخوازیان لا دروست بکات.
هەر زوو کەوتە تێقاندنی لایەنگرانی ئاپەڕینەکەی کورد و شێخ عوبەیدوڵڵا و هەوڵی دوور خستنەوەیان لە شێخ، بەوەی کێبوونەوەی فراوان و خڕایان لەگەڵ بکات و نامەی پەشیمانیان بۆ ناسرەدین شا پێ بنووسێ، لەگەڵ چاندن و بڵاوکردنەوەی تۆمەکی سیخوڕی بەناو خەڵکدا لەهەموو لاوە پیاوەکانی زانیاریان کۆدەکردەوە و لەڕێگای نامەوە حەسەن عەلی خانیان ئاگادار دەکردەوە و ئەویش زانیاریەکانی بەسەرووی خۆی دەگەیاند.
حەسەن عەلی خان دوای گەیشتنی، بەهەموو لایەکدا کەوتەکار، لە تەلگرافەکدا بۆ ناسرەدین شا دەنووسێت:"هەر کە گەیشمە شارچکەکە (سابڵاغ) خۆمکم بۆ هەموو لایەکدا ڕواند کرد و ئەوانەش کە تا ئێو کاتێ دنیا نەبوون و نەهاتبوون وەك فەیزوڵابەگ، حەسەن ئاغای خوشکەزای قادرئاغا، برازاکانی احمد بەگ، محمد سالح بەگی کوڕی بابا خان و محمد بەگی ئامەزای پیاو ماقوڵانی باوەڕ پێ کراوی ورمزیار، وەك: مامەند ئاغا، یوسف ئاغا و فەرهان و فیسار کە لە (30) کەس زیاتر دەبوون هەر هەموویانم یەك یەکێ دنیا و دۆخەش کرد و بەرەبەرێ هەنایانن، جگە لە خدراغا و ناسراوانی سەردەشت، کە هەشتا بە بیانووی بە سەر و بەرەوە نەهاتوون، لە تایفەی بەگزادەو سەرانی دیبەکری و ناودارانی تری ناوچەی موکری هیچ کەس نەماوە نەهاتبێ و ئەم گیان فیدایە هەمووانم دڵداونتەوە و خڵاتم کردوون."
جەربەزەیی هەمزاغا و درێژەدانی ئاپەڕین
جەربەزەیی و قارەمانی و لێهاتوویی هەمزاغا لەوەدابوو ئازی بارودۆخ و کێشەی ناوچەکە و گوشاری دەوڵەتەکان نەیانتوانی کڵی پێ بدەن و واز لە ئاپەڕین بێنن، بەڵکو کەوتە تەقەلا و هاندانی هۆزەکانی باشووری کوردستان بۆ پشتیوانی شێخ عوبەیدوڵڵا و بەردەوامی ئاپەڕین، لە نامەیەکدا لەسەفارەتی ئێرانیەوە ناردراوە بۆ بابی عالی لە 25ی تشرینی دووەمی 1880 (21 زوالحجەی 1297)دا ڕایدەگەیەنێت: هەمزاغا دوای ئەوەی لە ئێران هەڵاتبوو بۆ ئەودیو سنووری تورکیا، لەوێش دوای تەجنید کردنی هەندێ لەلایەنگرەکانی شێخ عوبەیدوڵڵا و چەند هەزار کوردێکی ناوچەکە. بەردەوام لە چالاکی دابووە.
هەموو جۆرە و چالاکیەکانی هەمزاغا لە ڕێگای چاندنی تۆمەکی جاسوسی حەسەن عەلی خانی گەورەی چاودێری دەکرا و لەڕێگای نامەوە دەگەیشتە دەست حەسەن عەلی خان و دواتریش بۆ دەست ناسرەدین شای

قاجار، لە ناوەڕاکی نامەکانەوە خوێنەر بارودۆخی سەختی ئەو ڕۆژگارە تێ دەگات و دەتوانێ لە ڕێگای ئەو نامانەوە شوێن پەی هەمزاغا هەڵبگرێ و بزانێ بە چ ئەوینێکی شەڕشگێڕانێ و نیشتیمانپەروەرانێ و جەربەزانەوە، لێناوچەکەی خۆیدا ماوەتەوە و بە تەنگ ڕاپەڕاندن و پیادەکردنی بەرنامە و هەڵسانەوە و بەزیندوو ڕاگرتنی شەڕشەکە بووە، بە ئاواتی دەست پێکردنەوەیەوە دەژی، بە پەروا فەرمانەکانی شێخ عوبەیدوڵا لە هەموو جێیەکی قەڵەمڕەوی قاجاری و عوسمانیدا جێبەجێ دەکات، تا ئەو کاتەی وەک لە نامەی ژمارە (116)ی حەسەن عەلی خان دەردەکەوێ کە لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی (1881)دا هەزەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەچنە نەهری و شێخ عوبەیدوڵا لە بارەگاکەی خۆیدا دەستبەسەر دەکەن و بارە و ئێستەمبووڵی دەبەن.

دوای پاشەکشێ پێ کردن و ناچارکردنی بە کشانەوەی یەکجاری، لە شار و ناوچە ئازاد کراوەکانی سابڵاخ و کوردستانی بن دەستی ئێران، و کشانەوەی بە دەرەوەی قەڵەمڕەوی ئێران و پاشان دامرکاندنەوە و لەناوبردنی شوێنەوارەکانی ڕاپەڕینەکە و ڕەخستنەوەی ناوچەکانی ڕاپەڕین و هێنانەوەی ئەو لێشاوە خەڵکەی لە ترساندا لەناوچەکانی خۆیاندا هەڵاتبوون و لێبوردنی پیاوانی ئایینی و سەرۆک خێڵەکانی موکریان، لاجان، شنۆ و سەردەشت...کەچی تاقە کەسێک دەربارەی قاجاری بە هەمیشە چاوی لێی نەپۆشی و لێی نەبورد، بەتەنیا هەر هەمزاغای مەنگوڕ بوو، کە دەربارەی قاجاری بە پسانەوە مەبەستی بوو، بەهەر شێوە و بەهەر نرخێک بێت، دەستگیری بکات، یان لەناوی بەرێت.

دوای شکستی ڕاپەڕینە و کشانەوەی هێزەکانی شێخ عوبەیدوڵا لە کوردستانی بن دەستی قاجار بە نەهری، هەمزاغاش لە قۆڵی سەردەشتەوە کشایەوە سەر سنوور و دوایش چووە سنووری دەوڵەتی عوسمانی لە باشووری کوردستان لە سەید ئەحمەدانی دەڤەری پشدەر تاوێی هەڵدا و لەوێوە شەڕی پاتیزانانەی لەگەڵ هێزەکانی ئێران دەکرد، لەو بارەیەوە لە مێژووی 29 صەفەری 1298 کۆچی (21- 1- 1880ز) حەسەن عەلی خانی گەورووسی تلگرافێکی بە ناسرەدین شا ناردووە، کە لە چەند بەشێکی نامەکەدا هاتووە:

نامەی ژمارە 56

(چەند بەشێک لە نامەکە)

لاپەڕە:153 – 164

مێژوو:29 صەفەری 1298 کۆچی (21- 1- 1880ز)

بۆ: ناسرەدین شا (بۆتلگراف بۆی نێردراوە)

"بە خاکی بەرپێی هومایوناندی موبارەک ((ڕوحمان بەقوربانی بێت))

دەبێ ئەوە عەرز بکەم ئاگەرچی ڕادەی ئازاوەکەی عوبەیدوڵای

نەفرەتی و لە بەختی شوومی ئەو خەڵکەش، کە بە دە و نابەدە هاوکاریان لەگەڵ کردووە، وێرانی و زیانکی زۆری گیان و سامانیان لە بەشکی گرنگی هەرێمی ئازربایجان کەوتووە، بەڵام ئەم خەڵکەش هەر لە پاداشتی کردەوەی خیانەتدا ئازار و زیانکی وایان بەرکەوتووە بە بیردا نایەت، بەشکی زۆری ئەم وڵاتە بە جۆرێك ژێرەو ژوور بووە، دەبە چەندین ساڵی پە بچێت تا لەم ناوچەیە بەڵك هەمن و ئاسایی ببێتەوە و شوێنە کاولەکان ئاوەدان ببنەوە.
دوای نیوەڕۆی (17)ی موحەڕەم لەلایەن گوڵاوی ئاغا هەوال گەیشت، کە لە کاتێکدا خەی و عوسمان ئاغا لە سەردەشت بوون، هەمزاغا بە پشتیوانی هەندێك لە خەڵکی سەردەشت بە شەست حەفتا کەسکەوە لە دەست و پێوەند و نزیکانی خێوەو لەمەحاڵی (دارمە) کە دەکەوێتە خاکی سەردەشت بە قەڵەم ڕەوی عوسمانیەوە لکاوە، کتوپڕێتە ناو سەردەشت و گوڵاوی ئاغا و عوسمان ئاغاش کە هەزکیان لەگەڵدا نەبووە، شارچکەی سەردەشتان بە جێ هێشتووە، هاتوونەتە دەرەوە. گیانفیداش بیرم لەکردەوە ئاگەر مانەوەی هەمزاغا لەسەردەشتدا ماوەیەك بخایەنە، بەشك خەڵکی سەردەشت و خەڵی گەورك لەوانەیە خەڵکانی تریشی لەگەڵدا ڕەکبکەون و ئاژاوەیەکی تازە بنێنەوە، لەبەر ئەوە هەر ئەوساتە لە لایەکەوە نامەم بە خزمەتی جەنابی بەڕێزی پایەبەرز سوپاسالاری مەزن نارد و هەر بە دەنیابوونیش سوارە و سوپا و چەکی پێویستیشم لەو پایە بەرزە خواست و لەلایەکی تریشەوە بە هەموو پیاوماقوڵانی ناوچەکەم ئاگەیاند، تا هەموویان هەزی خێیان بە سوارە و پیادەوە ئامادە بکەن و خەبە گیان فیدا بگەیەنن، هەر هەمان ڕۆژیش سەرانی قەرە پە پاغ و محمد ئاغای مامەش و یونس خانی بانەییم ئاگادار کرد، تا بە هەزکانی خێیانەوە لە دوولاوە ڕەی دەربازبوونی هەمزاغا ببەستن.
هەمزاغا دوای هەڵاتنی لەسەردەشت و هەوال زانینی دژایەتی عوسمان ئاغا و خدرئاغا و پیاوماقوڵانی سەردەشت بەرامبەری و بەڕێنیان بە گرتن، یان کوشتنی، چەتە شوێنك بەناوی (سوسنە) کە دارستان و کوستانکی سەختە و ئەشکەوت و ڕەهەڵی زۆر تێدایە.
سوسنە لەسەرسنووری پایەبەرزی بەندایە و بەمحاڵی (پشدەر) و خاکی عوسمانیەوە لکاوە، هەمزاغا ئەستا خەی و چوار برازا و عەزیزی فەتاح و براکەی و ئەمین ئاغای کوەی قادرئاغا و فەتحوڵاخانی کوەی موزەفەرولدەولە و شەست- حەفتا کەسی تری لەتەکدایە و لەوە نیشتەجێن و خەڵ و تایەف و ماڵ و منداڵی هەمزاغا و باپیراغای کوەی لە (سەیید ئەحمەدان) دان، کەسەر بە پشدەر و خاکی عوسمانیە .
ئەو جۆرەی بەمان دەرکەوتووە و ئەرخایەن بووبن، قایمقامی (ڕانیە) کە بەشکە لە سنجاقی (کۆیە)، بەرامبەر خەڵ و تایەف و خەزانی

هەمزاغا، پشتیوانی پێویستی کردووە و بە تایبەتیش باپیراغای کۆی هەمزاغای خۆبات کردووە. بە ئاگاداری جەنابیشتان ڕایدەگەیەنم، بە لێپرسینەوە دژکۆشانی ئەم توخمی خراپەکاریە (هەمزاغا)، لەلایەکەوە کارەکەم کردووە، قادراغا و میرزاقاسمی قازی، کە پێشینەی دەستایەتیان پێکەوە هەیە، کارەکی وا بکەن ناموس و ڕاسپێریان لەگەیدا ببە و ئەگەر بەقسەی ئەم دوو کەسە ئەرخایەن بکرێ، ئەوسا بیانەرم لەشوێنەکدا چاویان پێی بکەوێ و بەهەر جۆرێك بێت، بەکو بەبەیار و بەستنی گیانفیدا دەنیای بکەن و بیهێنن.
لەلایەکی تریشەوە سەرقالی ئەو فەرمانەم لەجەنابی سوپاسالاری مەزنەوە گەیشتووە، بەمجۆرە بە هاوکاری سەلیم خانی چواردێی، زمینێ و هەیێك بە یێك کەوتنی محەمەد ئاغای مامش و عوسمان ئاغای گەورك ساز بکەین، بە ئەوەی ئەم دوو کەسە دەست بدەنە دەستی یەکتر و لەهەر شوێنگا و بەهەر جۆرێك بیان بکرێت، پێکەوە یان بیکوژن، یان بەزیندوویی بیگرن، هیوای زۆرم هەیە، لەناوچاو و بەختی خاوەن شکۆ، یەکێك لەم دوو تەگبیرە سەربگرێ.”
حەسەن عەلی خان نامەی پەشیمانی یا وەك خۆی دەڵێت (ووەشانە)ی بەخەڵك و لایەنگرانی ڕاپەڕینەکە نووسی و پێویست بوو لەپای نووسینی ئەم نامەی پەشیمانیەدا سزا بدرێن و باج بدەن، لەبەرامبەر ئەوەشدا داوای لە سیخوڕ و ناپاکەکانی دەوری خۆی کردووە هەمزاغا دەداو بخەن و بیکوژن تاکو لەم سزای (ووەشیانە) ببەخشرێن، بەنامەیەکیش لە مەڕووی 25ی مانگی یەکەمی 1298 کۆچی (25- 2- 1881ز) شای لە ئەنجامی کارەکانی ئاگادار کردووەتەوە و لەسەرتای ئەم نامەیەدا کە وەڵامە بە نامەیەکی ناسرەدین شا بەدوور و درێژی سوپاس و ستایش و دەبدەیەکی زۆرەوە باسی گەیشتنی نامەکەی ناسرەدین شا دەکات، لەبەشێکی داد دەڵێت:
نامەی ژمارە: 60
(بەشێکی)
لاپەڕە: 174-183
مەڕوو: 25ی مانگی یەکەمی 1298 کۆچی (25- 2- 1881ز)
بۆ: ناسرەدین شا
…پوختەی ووەشیانەی دانیشتوانی موکریان، بۆ جۆرێی لەبەرامبەر بەستندا، کەلە هەردوگای سەرکی، لە پیاوماقوڵانی ئەم هەرێمە وەرگیراوە، بەریتیە لە ووەشیانە و بڕیارکیشی بۆ جۆرێە لەبەرامبەر ئەو بەستندا، مەرجی ئەوە کراوە، بڕی (40) هەزار تمەن، بەناوی (ووەشیانە) وە بە بڕی پێی پیرەز پێشکەش بکەن و داواکردنی ئەم پێشکەش جارە ڕابگیرێ، تا بەکو بە پشتیوانی خوای گەورە و بەختی بەهێزی شاهەنشا، ئەو هەمزاغا ناسەن و شەڕانی و

ئاژاوەگێڕی، کەماکی فیتنەیی و ئاژاوە نانەوە بووە، لە هەڵکەوتەکدا، کەدنە سابڕاخ، بەمردویی بێت، یان بەزیندوویی، بیگرن و بەدەست دەوڵەتەوەی بدەن و خۆشمان لێو (هەوڵشیانە) ببەخشرێین و دەوڵەتیش لەبەرامبەر ئەو خزمەتەدا، کە گرتن، یان کوشتنی هەمزاغایە، چاوپۆشیمان لێ بکات. بەگوێرەی ئەم مەرج و بەڵێنانە و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی، هەشتا ئەم پارەی (هەوڵشیانە) یە، لەم خەڵکە وەرنەگیراوە.
لەبارەی هەمزاغاشەوە، بەو جۆرەی لەنامەکانی پێشوودا باسکراوە، گیانفیدا لەدوولاوە و بەدوو هەوە بە وریایی تەواوەوە خەریکی بەئەنجام گەیاندنی ئەم خزمەتەم (واتە کوشتنی هەمزاغا) و پشتگوێم نەخستووە، دیارە ناوبراوەکی بەڵێننامەی محەمەد ئاغای مامەش لێو بارێوە و نامەی خودی هەمزاغاش، کەلێ وەڵامی (قادرئاغا) دا نووسیویە، و گیانفیدا چەند هێژمارێك لەموبەر بەتلگراف بە سوپاسالاری مەزنم ناردووە، بەرچاوی هومائاساتان کەوتووە".

ماویەتی ...

لە یادی 32 ساڵەی تاوانی ئەنفالدا

32 ساڵ بەسەر تاوانی ئەنفالدا تێپەڕی, لە جەرگەی ئەم 198 ڕۆژەدا, هەموو جۆرە تاوانکاران بەرامبەر بە گەلەکەمان لە لایەن ڕژێمی بەعسی ڕوخاوو نەکەرە جاشکانیەوە پیادە کرا, بە ڕزگار نەبوونی تاوانبارانی لە سزا , لە 20-5-2007 ەوە بە فەرمی بەیاری دەستگیرکردنی 423 تەمەتباری ئەنفال لە لایەن دادگای باڵای تاوانکانەوە دەرچوو, تا ئێستا هیچ کام لەم تەمەتبارانە کە لە لایەن دادگای باڵای تاوانکانەوە ناویان دیاریکراوە نە چوونەتە بەردەم دادگا و نە هەوڵیشی بە دراوەو نە ناوی هەڵاتووەکانیش لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دراوە بە پۆلیسی ئینتەرپۆل, بگرە حکومەت و بەرپرسانی حیزبی بە هەموو هێزیانەوە تەمەتبارانیان پاراستووەو پڵەو پشتی سەربازیان پێ بەخشیون یاخود پشتیوانی مەعنەویان لێکردوون و دیوەخانەیان بە بیونەتەوە, ئەو

تۆمەتبارانە ناوە ناوە لێیان دەکوژرێت یان دەمرن, بەمەش زیانێکی گەورە لە دەسپێی جینۆسایدی کورد دەکەوێت بە تایبەتیش ئەنفال, چونکە ئەم تۆمەتبارانە بە هاوتای قوربانیان لە روی دیاریکردنی حەقیقەتی تاوانەکە بگرە زیاتریش مانەویان بە نووسینەوەی مێژووی دەسپێکە گرنگە, لاپەڕەی گرنگی تاوانکان لە باخەڵی ئەماندایە و لایەنێکی گرنگی دەرخستنی حەقیقەتکانن , بە بە دادگایی ئەم تۆمەتبارانە هەموو نووسینەوەیەکی مێژووی تاوانکە و قەڕبوویەك و بە جیهان ناساندنەك بۆتا دەبێتەوە لە ماناکانی و دادماڕێت لە دادپەروەری و خاڵی دەبێت لە جدیەت, حکومەتی هەرێمی کوردستانیش تاوانباری یەکەم لەو بواردا و بە ئەرکی ئەخلاقی و دادپەروەری خۆی هەڵناسێت و ڕێز لە خواست و ویستی قوربانیان و بنەماڵەکانیان ناگرێت .لە یادی 32 ساڵەی تاوانی ئەنفال داواکارین:

1- ئەو تۆمەتبارانەی ناویان لە دادگای باڵای تاوانکان وەك تۆمەتبار هاتۆتەوە ژمارەیان 423 کەسەو 258یان لە هەرێمی کوردستانن و هەندێکیان ئێستا لە وڵاتانی دەرەوە دەژین بدرێنە دادگا, بەمەش تاوانباران سزای خۆیان وەردەگرن و بتاوانیش مافەکانیان بە دەگمەنەوە و سەربەرزانە دەگەڕێنەوە بە نامەگا.

2- لیستی تۆمەتبارانی جینۆسایدی گەلی کورد بدرێتە پۆلیسی نەو دەوڵەتی ئینتەرپۆل بە ئەوی هەماتووکانیان لە دەرەوەی وڵات دادگایی بکرێن, ئەمەش کاری ڕاستەقینەی بە جینۆساید ناسینە لە جیهان نەك فیشاڵکانی دی.

3- سەرلەنوێ پێداچونەوەی ورد بە دەسپێی دادگایی ئەنفالدا بکرێتەوە و هەکاری نەبوونی ناوی هەندەك لە تۆمەتباران لە لیستەکە ڕونبکرێتەوە.

4- پەویستە تاوانبارانی ئەنفال لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم وەك تاوانبار سەیر بکرێن بە تایبەت لە وەزارەتی داد و ئەنجومەنی دادوەری و دواکاری گشتی.

5- جێبەجێنەکردنی بڕیاری دادگا بە خۆی تاوانە, حکومەتی هەرێمی کوردستان پەویستە بڕیارکانی دادگای باڵای تاوانکان جێبەجێ بکات و بەئەرکی یاسایی خۆی هەڵبستێت.

6- بە یاسای تایبەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان سکاڵاکاران و شایەدکان بپارێزێت هاوکات چاودێری وردی تۆمەتباران بکرێت تا ئەوکاتەی لەبەردەم دادگا ئامادە دەبن.

7- پارتە سیاسییەکان ئێستەپاکی خۆیان لە بوونی تۆمەتباران لە ریزەکانیان ڕابگەیەنن, نەك بە درێ لە یادی ئەنفالدا بڕیاننامە دەربکەن.

8- هەر پارتێکی سیاسی پێش ئەوەی باسی ئینفال و قوربانیان بکات و موزایدە بۆ دەسکەوتەکات , ئەستۆ پاکی خۆی لە بوونی تاوانباران لە ریزەکانی و بوونی پەیوەندی رکخراوەیی و نهێنی لە گەڵ هەر تاکێکیان رابگەیەنێت.
9- پێویستە فشار بخرێتە سەر حکومەتی عێراقی ببێتە ئەندامی دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی ICC بۆ ئەوەی تاوانکانی ئینفال و هەڵەبجە و بارزانی و فەیلی و شەنگار و دوز دوبارە نەبنەوە.
10- پێویستە سەرك کۆماری عێراق بناوی دەوڵەتی عێراقەوە داوای لێبوردن لە سەرجەم قوربانیانی کوردستان و عێراق بکات.
11- هەموو ئەو ئیمتیازاتانەی دوای سەپاندنی سیاسەتی سك گوشین سەپێنرا بەسەر بنەماڵەی قوربانیان لە کەمکردنەوەی موچەکانیان بڕیان بگەڵنرێتەوە.
12-موچەی بنەماڵەی قوربانیان لە جینۆساید, زیندانیان و پێشمەرگەی دێرین و ... بکرێتە ستاندارد بۆ موچە باڵاکان لە هەرێمی کوردستان, بۆ ئەوەی رێز لە قوربانیان و تێکۆشانیان بگرترێت.
13- هەموو لیستەکانی موچەی " شەهیدان, جینۆساید, بریندارانی چەکی کیمیاوی, زیندانیانی سیاسی , پێشمەرگەی دێرین" بڵاو بکرێنەوەو لە بوونی گەندەڵی و ناوی تاوانباران پاك بکرێنەوە.
14- ئەو پارتانەی کوردستانیان کردە بەشك لە شەڵەی عێراق ئێران بە هێنانی پاسدار دان بە هەڵەکانی خۆیاندا بنێن و داوای لێبوردن بکەن.
15- بەهەی لاوازی سیستەمی دادوەری لە کوردستان " وەزارەتی داد, ئەنجومەنی دادوەری, داواکاری گشتی..." کۆنترۆڵکردنی لە لایەن ئەو پارتانەی لانەی داڵدەدانی تاوانبارنن, کەردستان بێت بەهەشتی رزگاربوونی تاوانبارانی تاوانە مەزنەکان لە سزادان و لێپرسینەوە, تا گەیشتۆتە ئاستی لە تۆمەتبارکردنی کەمایەتییەکان و کەناڵەکانی راگەیاندنەوە شانازی بە رابردووی خیانەتی خۆیانەوە دەکەن و هاوشان دەسەڵاتداران پرۆژەکان دەکەنەوە و دەسەڵاتیش جگە لە لایەنگری لێیان تەنانەت یادکانیش قەدەغە دەکات.دەماوەت ئەوە بڵێین 6 ساڵە سکاڵاکانمان لە سەر مەزەکانی داواکاری گشتی و ئەنجومەنی دادوەری کووتووە بۆ ئەوەی تۆمەتباران بە پێی یاسا هەڵوەستیان لەبەرامبەر وەربگرترێت وبچنە بەردەم دادگا , لە مخابن خۆیان لە داواکارییەکەمان دەشارنەوە , بۆ ئەرکی خۆیانی نازانن.لە کۆتاییدا وەك ئەوەی مخابن ئەمساڵ بە یەکەمجار لە دوای راپەڕینەوە نەمان توانی یادی تاوانکانی هەڵەبجەو ئینفل بکەینەوە بەهەی نەخۆشی کەرناوە, لە لە کاتی چاکسازییەکاندا یەکێك لە بژاردەکانیان بینینی موچەی بەشکی گرنگ لە شەهیدان و قوربانیان

